## راگەیاندنی ژمارە4
## دیسانەوە لە وەلام بەسەرچاوەیەکی بەرپرس لە ئاسایشی سلیمانی

دوابەدوای دەستگیرکردنی هاوریان کاروان نەجمەدین و جەزا حسین بۆ ماوەی نزیك بە دە رۆژ و پاش ئازاد کردنی ئەم هاوریانە، ئاسایشی سەربە یەکیتی نیشتمانی کوردستان ئیستاش بەهانەیەکی پێ پینەوپەڕۆ پەیداناکات کە ئەم پیشیل کردنەی ئازادی سیاسی پی پاساو بدات وە جار لە دوای جار بەهانەی ناماقوڵتر دەهینیتەوە بۆ ئەم کردەوەیەی. ئەوەتا لە لەلایەرە 2ی هاولاتی ژمارە 187 ی رۆژی2004/8/18 لەزمانی پەیامنیری هاولاتی لە سلیمانی رونکردنەوەیەك بلاو کراوەتەوە بەم شیوەیەی خوارەوە: { لەژمارەی رابردووی هاولاتی دا هەوالیك لەسەر دەستگیر کردنی کادریکی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بلاوکراوەتەوە کەبەهۆی هەلەی چاپەوە لەزاری بەرپرسیکی ئاسایشی سلیمانی چەند کەموکوریەکی تیکەوتووە، کە راستیەکەی بەم شیوەیەیە (بەپیی سەرچاوەیەکی بەرپرس لەئاسایشی سلیمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکیك لەئەندامانی تری ئەم حیزبە لە عەرەبانەیەکی دەستی دا لەلای لقی(4)دا ژمارەیەکی زۆر بەیاننامەو کتیبی پی گیراوە کە تەشهیر بەسەرکردە کودەکان دەکات. پاش دەستگیرکردنی ئەم کەسەو مانەوەی چەند رۆژیك لەزیندان دان بەوەدا دەنیت کەئەم کتیبانە هی ( کاروان نەجمەدین)ەو لەسەر رۆشنایی ئەم زانیاریانە ناوبراو لەگەرەکی ئازادی دەستگیر کراوە) لەگەل داوای لیبوردنماندا}.

بەم لیدوانە پووچ و پڕناکۆکیانەی دەزگای ئاسایش بەر لە هەر شتێك نیشانەی سەرلێشێواوی و هەڵبزڕکاندنە و داماوی ئەم دەزگایە لە پاساودانی کارە سەرکوتگەری و دژی ئازادی‌یەکانیان نیشان دەدات. هەر بۆیە کاری "هەلەی چاپ"گەیشتۆتە رادەیەك کە قسەی پیشوتری سەرچاوە بەرپرسەکە لەگەل قسەکانی ئیستای تەنیا ووشەی "عەرەبانەکە" تیایاندا لەیەك دەچێت...

بەلاّم ڕوونکردنەوەی ئەم جارەی ئاسایش نەك وەلامی هیچ ناداتەوە بەڵکو پرسیارەکان سەبارەت بە پێشێلکردنی سادەترین ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان زەقتر و ڕەقتر لە جاران دەداتەوە بە ڕوویاندا؟ ئایا کتێب هەڵگرتن و خوێندنەوە لە کوردستان تاوانە و خەڵکی پێ‌دەچێتە زیندان؟ ئەم ئازادی‌یە سیاسی‌یە لە چ بابەتێکە وا کتێبی سیاسی تیا قاچاخ دەکرێت؟ ئایا بە پێی تەعریفی یەکێتی نیشتمانی بۆ ئازادی بیروڕا تەنها ئەو کتێبانەی ڕێگاپێ‌دراون کە بە شان و باڵی سەرکردەکانیاندا دا هەڵدەڵێ و تەشهیر کردنی سیاسی بەوان یاساغە وتاوانە ؟ ئەم بڕیارو یاسایانەتان کەی داناوە کە کتێب و نووسراوی سیاسی بە تلیاك و تەقەمەنی دەزانێت؟ پاشان ئەگەر کاروان مجید بە تاوانی خوێندنەوە ودەست بە دەستکردنی کتێب و نووسراو گیراوە، ئەی جەزا حسێن بە کام تاوانی خەتەرناکی تر ڕەوانەی زیندانی ئاسایش کرا؟!!

راستیەکەی ئەوەیە کە کەم چیکلْدانەیی دەزگای ئاسایشی حکومەتەکەی سلیمانی ڕەنگدانەوەی نیگەرانی‌یە سیاسی‌یەکانی یەکێتی‌یە. ئەو ڕاستی‌یە ناشاررێتەوە کە یەکێتی و حکومەتەکەی دەمێکە کەوتوونەتە بەر بێزاری و ناڕەزایەتی‌یەکی قووڵی خەڵك و لە سایەی بێ ئاسۆیی و ناکامی سیاسی‌دا تا دێ زیاتر هەست بە نامۆیی و وەستانەوە لە بەرامبەر خواستە بەرهەقەکانی جەماوەردا دەکەن. وەك پیشەی هەمیشەیی هەر دەسەلاّتێکی سەرکوتگەریش پەلاماردانی ئۆپۆزیسیۆن وهێزیکی وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تەنها ڕێگا بۆ ڕاگرتنی وەزع و بەرپەرچدانەوەی ناڕەزایی و خواستەکانی خەڵك دەزانن. هەڵسوڕانەکان و دەرکەوتنەکانی ئەم دووایی‌یانەی حیزب وکەمپینە جەماوەری‌یە سەرکەوتووەکانی بۆ دادگایی‌کردنی صەددام حوسێن و بەرزکردنەوە خواستی سەربەخۆیی کوردستان هەستی بە مەترسی لە لای دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتی دروست کردووە و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە یەکێتی و حکومەتەکەی لە ژێر فشاری ئەو خواستە جەماوەری‌یانە دەربازبکات کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆتە ئالاّهەڵگری.

ئەم هەوڵە سەرکوتگەری‌یانەی یەکێتی دەبێ لە لایەن ئازادیخوازان و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤەوە ڕیسواو ناکام بکرێتەوە. هەر دەنگێکی ئازاد لە کوردستان ئەرکی‌یەتی لە بەرامبەر ئەم سەرکوتە ئاشکرایە ناڕەزایەتی دەبڕێت.

کۆمیتەی رابەری

ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

2004/8/19